سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

# تاراوگە
TARAWGA


بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

01 Maart 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 34
01 مارتی 2019

# مستەفا سلێمان عەبدوڵڵا نوسەری فەرهەنگی زاراوەی زانستی بۆ قوتابیانی زانکۆ کۆچی دوایی کرد....

## پرسەی تاراوگـــــە


بە خوێنەرانی ئازیزی تاراوگەی ڕایدەگەیەنین، ئەم ژمارەیەی تاراوگە لە تەواوبووندا بوو، دەبوایە ڕۆژی 2013-03-01 بڵاوبکرایەتەوە، بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی27-02-2013 کاتژمێر یانزەی نیوەڕۆ، لە شاری سلێمانی، خاڵی ئازیزم مامۆستا و ڕێنیشاندەرم. نوسەر و ئەندازیار مستەفا سلێمان عەبدوڵڵا ماڵئاوایی یەکجاری لێکردین و کۆچی دوایی کرد. بۆیە بە پێویست ئەرکی سەرشانی خۆمزانی بەرەو وڵات بکەومە ڕێ و ئامادەی ڕێورەسمی بەخاکسپاردن و پرسەکەی بم و بەو هۆیەشەوە بابەتەکانی ئەم ژمارەیەمان خستە ژمارەی ئایندەوە و ئەم ژمارەیەمان تایبەت کرد، بە ژیاننامەی ئەدەبی و زانستی و کاروچالاکییەکانی کۆچکردوو (مستەفا سلێمان عەبدوڵڵا).



ڕەوانشاد 16-11-1938 لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی، لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەر و خوێندەوارەدا لە دایک بووە.خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە و پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ- بەشی ئەندازیاری ڕووی لە بەغدا کردووە. ساڵی 1960 خوێندنی زانکۆشی بەسەرکەوتوویی تەواو کردووە، پاشان وەک نەریتی ئەو کاتە پاش تەواوکردنی خوێندن هەمان ساڵ بووە بە ئەفسەری ئەحتیات لە سەربازگەی ڕەشید، تا ساڵی 1966 دوو ئەستێرەی لەسەر شان بووە، پاشان لە وەزارەتی پیشەسازی لە بەغدا بووە بە ئەندازیار، تا ساڵی 1968 کە بیرۆکەی کارگەی شەکری سلێمانی هاتە ئاراوە، یەکێک بوو لە ئەندازیارە کارامەکانی دامەزرێنەری کارگەی شەکر و بە ئیفاد چەندین وڵاتی ئەورووپی گەڕاوە، بۆ بنیاتنانی کارگەی شەکر، یەکێک لەو وڵاتانە بەلچیکا و ئیسپانیا بوون.

ساڵی 1962 لە بەڕێکردنی مامۆستا جەمال نەبەزدا لە فڕۆکەخانەی بەغدا بە جلی ئەفسەریەوە، مامۆستا جەمالی بە جانتایەک کتێبی قەدەغەوە ڕەوانە کردووە بۆ ئەڵمانیا.. مستەفا سلێمان کوردپەروەرێکی ڕاست و ڕەوان بێغەل و غەش بووە، دڵسۆزی ڕاستەقینەی کوردایەتی پاک بووە. کە لەبەغدا ئەفسەر بووە، هەفتانە هەواڵی زیانەکانی سوپای عێراقی، کە لەلایەن شۆڕشی کوردەوە بەریان کەوتووە، بەهۆی حوکمی ئیشەکەیەوە زانیویتی، بە شێوەی تایبەتی خۆی لە ژێر پولێکی گەورەدا و بە مەرەکەبی نهێنی ناردوویەتی بۆ مامۆستا جەمال نەبەز بۆ ئەوروپا و لە ڕۆژنامە ئەورووپییەکاندا مامۆستا جەمال نەبەز بڵاوی کردوونەتەوە. مستەفا سلێمانی ڕەحمەتی لە ساڵی ١٩٥٥ ەوە لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانی ئەو کاتەی وەک هەتاو، ژین، هیوا ڕوناکی نوسین و هۆنراوەی بڵاوکردۆتەوە. لە نەورۆزی ساڵی ١٩٥٨ دا ئۆپەرێتێکی بە ناونیشانی (کوردستان)ەوە نوسیووە، کە ئاماژەی بە هەرچوار پارچەی کوردستانی گەورە کردووە، قوتابیانی زانکۆی بەغدا، ڕۆڵیان تێدا بینیووە. خۆی تێیدا دەوری کوردستانی گەورەی بینیووە. مستەفا سلێمان خاوەنی فەرهەنگێکی زانستییە، کە پاش بریاداربوونەکەی بۆ قوتابیانی زانکۆی نوسیووە، دووجار چاپکراوەتەوە. شایەنی باسە ڕەوانشاد تا 48 ڕۆژ لە نەخۆش کەوتن و پێش لە دنیا دەرچوونی، بە تەواوی ژیریی و بیرتیژی خۆیەوە ژیانی ئاسایی خۆی بەسەربردووە، سەرەڕای ماوەی 39 ساڵ لە برینداربوون و مانەوەی لەسەر کورسی کەمئەندامی. زۆربەی پرسوراو ڕاوێژی هاوڕێیان و کەسوکاری بەمبووە. زۆربەی بەخششە مەزنەکانی لەو ماوەیەی ژیانیدا بووە. ساڵی 1960 کە کۆلێجی ئەندازیاری زانکۆی بەغدای تەواو کردووە، لە پاڵیدا بۆتە خاوەنی چەندان نوسین جگە لە زمانی کوردی، بە عەرەبی و ئینگلیزیش نوسیویێتی. (فەرهەنگی زاراوەی زانستی) لە بەرگێکی 550 لاپەڕەی قەبارە گەورەدا، ساڵی 2014 بۆ جاری دووەم، بە زمانەکانی ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی، بڵاویکردۆتەوە، لە چاپخانەی بابان لە سلێمانی بە تیراژی 500 دانە و ژمارەی سپاردنی لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی 1838 ی ساڵی 2014 ی پێ دراوە.

# فەرهەنگی زاراوەی زانستی هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی زاراوەی زانستی بە زمانی کوردی، بە تایبەتی ئەو زاراوانەی لە کتێبی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا بەکارهاتوون.




ئەم فەرهەنگە چاپی پوختە و فراوانی، هەمان فەرهەنگی زاراوەی زانستی نوسەرە، کە ساڵی 2001 لە شێوازێکی دیکەدا و لە یەک بەرگدا بە دوو بەش، بەشی یەکەم: ئینگلیزی، عەرەبی، کوردی، بەشی دووەمی بە کوردی، عەرەبی ئینگلیزی بڵاوی کردۆتەوە.

وەک نوسەر لە پێشەکی ئەم چاپە تازەیەی فەرهەنگەکەیدا دەڵێ: فەرهەنگی زاراوەی زانستی هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی زاراوەی زانستی بە زمانی کوردی، بە تایبەتی ئەو زاراوانەی بەکارهاتوون، لە کتێبی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا، کە لە لایەن مامۆستایانی شارەزای بابەتەکان وەرگێردراون بۆ زمانی کوردی، وەک بابەتەکانی (بیرکاری، زیندەوەرزانی، فیزیا، کیمیا، پزیشکی، ئابوری، جیولۆجی، ئەندازیاری، یاسا، کشتیاری، توێکاریزانی، جوگرافی، مەرتاڵزانی، زمانزانی و گەردونزانی)، لەگەڵ چەندین زاراوە و وشەی دیکەی ناو ئەو فەرهەنگە زانستیانەی لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم و (گۆڤاری زانستی سەردەم) چاپ و پەخش کراون، هەروەها نوسەر سودی لە چەندین سەرچاوەی دیکە وەرگرتووە، وەکو:

کتێبی بابەتە زانستییەکانی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی(بیرکاری، زیندەوەرزانی، فیزیا، کیمیا).

زارەوەی کوردی زانستەکان– لیژنەی زاراوە زانستیەکان لە کۆڕی زانیاری عێراق.

فەرهەنگەزانستییەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

فەرهەنگی زەویناسی– ئیبراهیم محەمەد جەزا محێدین.

فەرهەنگی شارەزوور– د. شەفیق قەزاز.

معجم المصطلحات العلمیە والفنیە والهندسیە– احمد شفیق الخطیب

المورد الاکبر– منیر البعلبکی.

لەگەڵ دوو سایتی ئەلەکترونی،

www.merriam-webster.com

www.thefreedictionary.com

کە چەند فەرهەنگ و ئینسایکلوپیدیاییەکی لە خۆ گرتووە.

لەو پێشەکییە کورتەدا نوسەر ئاماژەی بەوە داوە، بۆ دڵنیا بوون لە نەبوونی هەڵەی چاپ و سەهوی بۆچوونەکان؛ هیچ وشەو زاراوەیەکی ئەم فەرهەنگە بە بێ پێداچوونەوە و بەراوردکردن، لەگەڵ چەندین فەرهەنگدا وەرنەگیراوە. هەروەها ئەندازیار کاک (محەمەد سلێمان)ی براشی، کە ڕۆشنبیرێکی بەسەلیقە و وردبینە بۆ جاری دووەم کاری پێداچوونەوە و ساغکردنەوە و هەڵەچنی بۆ یەکە بەیەکەی زاراوەکان کردووە و چەندین تێبینی و گۆڕانکاری پێشنیار کردووە، نوسەر خۆیشی سەرپشک کردووە، بۆ هەڵبژاردنی گونجاوترین وشەیان.

## ئامانجی سەرەکی فەرهەنگی زاراوەی زانستی..

نوسەر نەیشاردۆتەوە ئامانجی سەرەکی ئەم فەرهەنگە، بۆ یارمەتی ئەو خوێندکارانەیە، کە لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی، بابەتە زانستییەکان بە زمانی کوردی و هەندێکیش بە زمانی عەرەبی خوێندوویانە، بەڵام ئەو بابەتانە لە سەرەتای خوێندنی زانکۆدا، بە زمانی ئینگلیزی ئەخوێندرێت، دیارە بوونی فەرهەنگێک بەو زاراوانەی پێی ڕاهاتوون، یاریدەدەرێکی بەسوود دەبێت. نوسەر ئەم کارەی بە مەبەستی ئەوەی ئەم فەرهەنگە ببێتە سەرچاوەیەک، بۆ بەشی سەرەکی پێویستی خوێندکار، بە گوێرەی پێویست چەندین کردار و ئاوەڵناوی ئاوێتەی فەرهەنگەکە کردووە.

نوسەر بۆ ئاسانکاری و زوو دۆزینەوەی مانای وشەکان لە ستوونی یەکەمی لاپەڕەکاندا، زاراوە یان ئەو وشەیەی بە ئینگلیزی نوسراوە، لە ستوونی دووەمدا هێمای کورتکراوەی بابەتەکەی نوسیووە، کە لیستی بابەتەکاندا ڕوونکراوەتەوە، لە ستوونی سێهەمدا واتای زاراوەکە بە عەرەبی و لە ستوونی چوارەمدا بە زمانی کوردی نوسیوێتی.

هەروەها بۆ زیاتر ئاشنا بوونی ئەم فەرهەنگە خاڵبەندی و هێماکان، بۆ ئاسانکردن بەکارهێنانی ڕوونکراونەتەوە، بۆ هەر زاراوەیەک لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەرگیرابێت، ئاماژەی پێدراوە. ئەم فەرهەنگە نرخێکی زانستی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەند پێش ئەم چەندان فەرهەنگی هەمەچەشنەی دیکە بە زمانی کوردی چاپکراون، بەڵام ئەم فەرهەنگە بە تایبەت بۆ خوێندکارانی ساڵی یەکەمی زانکۆ و پەیمانگاکان دروستکراوە و پێویستی و گرنگیەکی ئەوتۆی هەیە، بە جۆرێک ئەبێتە ڕێنماکارێک(مرشد) بۆ چوونە ناو زاراوە زانستیەکان، بە زمانی ئینگلیزی و سەرەتایەک بۆ کردنەوەی ڕێگایەکی دووروردرێژی چوارساڵی خوێندنی زانکۆ. لێرەوە بە پێویستی ئەزانم بۆ ئاشنا بوون، بەم سەربازە نەناسراوەی بواری فەرهەنگ و کەلتووریی کوردیی، بەڕێز (مستەفا حاجی فەقێ سلێمانی مەلا عەبدوڵڵای حەکیم)، کە ماوەی نیوسەدە زیاترە، بە بێدەنگی و هێمنی لە بواری خزمەت بەم بوارە کار ئەکات. ساڵی 1938 لە گەڕەکی کانێسکان، ئەو شوێنەی کاتی خۆی بە(سەرچاوەی کانێسکان)، یان گەڕەکی ژاڵەییەکان ناوئەبرا لە دایک بووە. لە خانەوادەیەکی مامناوەندی و باوک و باپیریشی خوێندەواربوون. باپیری بە مەلا عەبدوڵڵای حەکیم ناسراوە، یەکێک بووە لە (حەکیم) پزیشکە ناسراوەکانی سەردەمی خۆی، کە دەستنوسێکی دەرمانگەری گژوگیای بە(دەستنووسی خۆی) لە پاش بەجێ ماوە، مەلا عەبدوڵڵای حەکیم لە نێوان سلێمانی و تاران و ئەستەمبوڵدا گەڕاوە، پێکەوە لەگەڵ پزیشکێکی جولەکەدا کاری کردووە، پێش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی ساڵی 1918 بە نەخۆشی زەحیری لە گرانیە گەورەکەدا، کۆچی دوایی کردووە، سێ کوڕ و دوو کچی لە پاش بەجێماوە، حاجی فەقێ سلێمان (1898–1974)، کە کوڕی ناوەنجی بووە، ئەرکی سەرپەرشتی دووخوشکەکەی و دایکی گرتۆتە ئەستۆ و لە گەڕەکی کانێسکانەوە کۆچیان کردووە بۆ گوندی ژاڵەی بەردەبەند لە گەرمیان، بەدیوی سەنگاودا، کە خۆشیان لە بنەڕەتەوە، خەڵکی ئەو گوندی ژاڵەی ڕەبات بوون لقای سەنگاو، بەڵاوم چەندین ساڵ لە گوندی ژاڵەی دەربەند باسەرە ماونەتەوە، بە کۆتاڵفرۆشی و بازرگانی خەریک بووە، تا لەوێ ساڵی 1929 ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، لەگەڵ (ئامینەی محەمەد ڕەحیم) 1910– 1985.

بروانە ل 3

# لەگەڵ یەکێك لە برادەرەکانمدا کە نێوی مستەفا سلێمان بوو لە سوپای عێراقدا ئەفسەرێکی بچووك بوو، گەلێك هەڵوێستی جوامێری و کوردانەی لە ژیانی خەبات نهێنی و ئاشکرای خۆیدا تۆمارکردووە..


هاوسێ گوندیان، کە خەڵکی گوندی (کانی کەوە) بووە. پاش ژنهێنانی چەند ساڵێکیش لە ژاڵە ماونەتەوە، پاشان گەڕاونەتەوە بۆ لای خزمەکانیان لە گەڕەکی ژاڵەیەکانی نزیک سەرچاوەی کانێسکان، بۆ شاری سلێمانی.

## مستەفا سلێمان لە زمانی هاوڕێکانیەوە:



لێرەدا دەمەوێ کەمەکێک لە زمانی هەندێک لە هاوڕێ نزیکەکانی خەبات و ڕوناکبیریی مستەفا سلێمان خۆیەوە بدوێم. مامۆستا جەمال نەبەز لە چاپی یەکەمی کتێبی ڕۆژانی ئاوارەییم لە سویسرە، لە لاپەڕە 8 دا دەڵێ: پێم وابوو دەبێ ڕێیەک بدۆزینەوە بۆ گەیاندنی دەنگوباسی ڕاستەقینەی داخوازییەکانی گەلی کورد و هەڵوێستی سەرکوتکەرانەی ڕژێمی عێراق بە دەرەوەی وڵات، ئەوەش لە ڕێی کوردی دەستڕۆیستووی وەک میر کامەران عالی بەدرخان (1895–1978)ەوە، کە نێوبانگی لە نێو ئێمەی گەنجی ئەو سەردەمەدا، وەک گەورەیەکی کورد زۆر ڕۆیبوو. تاکو ئەو دەنگوباسانە لە ڕۆژنامەکانی فەرەنسا و ئەوروپادا بڵاوبکرێنەوە و هێندە بوختان و درۆودەلەسەی ڕژێمی قاسم و لایەنگرە، عێراقچی یەکانی ڕووی ڕاستی بزووتنەوەی کوردایەتی تەمومژاوی نەکات. بۆ هێنانە دی ئەم ئامانجە، لەگەڵ یەکێک لە برادەرەکانمدا، کە نێوی مستەفا سلێمان بوو، لە سوپای عێراقدا لە بەغدا ئەفسەرێکی بچووک بوو، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین، کە گەیشتمە ژنێف (سویسرە) و نێونیشانی خۆم ناردبۆیی، ئەو هەر ڕۆژنارۆژێ لە بەغداوە کارتێکی پۆستە ڕەوانە بکات بۆم و بە عەرەبی چەند وشەیەکی چۆنی و چاکی لەسەر بنوسێ، بێ ئەوەی نێوی ڕاستەقینەی خۆی بخاتە سەر و لە گۆشەی سەرەوەی کارتەکە؛ هێندەی شوێنی پوولێکی گەورەی پۆستە، زۆر بە هوردی دەنگوباسەکان بە کورتی و بە خەستی بە قەڵەمی ڕەش بنووسێ و ئەوجا پوولەکە بەسەر دەنگوباسەکاندا بلکێنێ و بنێرێ بۆم. ئەم پلانە سەری گرت و بەم جۆرە، هەر ڕۆژەنارۆژێ دەنگوباسی کوردستان و عێراق و چالاکی یەکانی پێشمەرگە و باری سیاسی عێراق دەگەیشتە دەستم، پۆستەی سویسرەش زۆر ڕێک و پێک بوو، ڕۆژێ سێ جار پۆستە دەهات، بەیانی کات (8:00) پێش چوونە دەرەوە بۆ کار، پێش نیوەڕۆ کاتی (11:00) بۆ ئەوانەی بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ دێنە ماڵەوە، ئێوارانیش کات (17:00). جا لە بەرئەوەی بەڕێز مستەفا سلێمان، لەگەڵ هێندێک لە ئەفسەرەکانی بەغدا دان وستاندنی دۆستانەی هەبوو، شتی وای دەبیست و دەزانی، کە کەم کەس ئاگایان لێی بوو، ئەم دەنگوباسانەش بە هیچ کەسێکی تر نەدەگەیشت لە دەرەوەی وڵات، بە من نەبێ، چونکە ڕێی گەیشتنە دەرەوەی ئەو هەواڵانە، بۆ بزوتنەوەی بێ هێزی و لاوازی ئەو دەمەی کورد، لە دەسەڵاتدا نەبوو، شایانی باسە کە بزووتنەوەی چەکدارانەی ئەیلوول بەسەرۆکایەتی سەرۆک مەلا مستەفای بارزانی لەو ڕۆژانەدا پێوەندی بە هیچ دەوڵەتێکی دراوسێی دەوڵەتی عێراقەوە نەبوو. بە کورتی لە هەموو لایەکەوە، بە دوژمن دەورە درابوو، وەک کوردەکە دەبێژێ "ئەستێرەی لە ئاسماندا نەبوو" (1).

بەڕێز مستەفا سلێمان گەلێک هەڵوێستی و جوامێری کوردانەی لە ژیانی خەبات نهێنی و ئاشکرای خۆیدا تۆمار کردووە،لێرەدا هەندێکی دیکەی وەک لە زمانی مامۆستایانی کۆچکردوو مەحمود مەلا عیزەت و قادر میرزا کەریم دەگێڕینەوە:




مامۆستا مەحمود مەلا عیزەت لە لاپەڕە 165ی بیرەوەریەکانیدا ئەڵێ (یەکێک لەو کارانەی لە کۆبونەوەیەکی پەراوێزی کۆنگرەکەدا لە 1960/10/21 ئەنجام درا، بڕیاری دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی گشتیی کوردستان بوو. لیژنەیەکیش بۆ بەڕێوەبردن و بۆ پەیوەندیش لەگەڵ ئەوروپا لە: ڕوناک زوهدی، سەروەر محەمەد، سەردار میرزا عەبدولڕەحمان، ئەسعەد خەیلانی و بەندە.) پێکهێنرا، بەیانێکیش دەرکرا، کە ئەوە یەکەم و دوا چالاکیی ئەو ڕێکخراوە بوو، بەڵام وەک یەکەم هەنگاوێک لەسەر ڕێبازی کوردستانی کردنی بزوتنەوەی قوتابیان، دوای ئیفلیجکردنی چالاکییەکانی لەسەردەمی دەستەڵاتی مارکسیە لینینییە عێراقیەکانی هەمزەییەکاندا، کە بووە هۆی دورکەوتنەوەی چەند کەسێک، لەوانە (مستەفا سلێمان) سکرتێری گشتیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان (یان ئەگەر لە زەینم ئاوا نەبووبێت بە ناوی سەرۆکی لیژنەی باڵای ی.ق.ک– بوو)، کە دەرکەوتووترین لێپرسراوی چالاکی قوتابیان بوو(2).

بڕوانە ل 4

# لە سلێمانی چالاکیمان فراوانتر کردبوو، کەوتینە ڕێکخستنی میللەت . لەماڵی مستەفای فەقێ سڵێمانی برادەرمان دادەنیشتین، ئەوان تەسجیلیان هەبوو، چی سرودی نیشتمانی هەیە، تۆمارمان دەکرد..

هەروەها مامۆستا قادر میرزا کەریم لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێ:

ئێمە لە سلێمانی چالاکیمان فراوانتر کردبوو، کەوتینە ڕێکخستنی میللەت و دروستکردنی بنکەی هەمەجۆر لە هەموو کۆڵان و گەڕەکێکی شاردا، بە تایبەتی قوتابیان دەورێکی باڵایان هەبوو لەو چالاکیانەدا، هەر لەو ڕۆژانەدا من و ڕوشدی عەلی شەریف و یەک دوو برادەری دیکە، کە لە ماڵی مستەفای فەقێ سڵێمانی برادەرمان دانیشتین، ئەوان تەسجیلیان هەبوو، چی سروودی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی هەیە بە دەنگی خۆمان تۆماری بکەین، بە یارمەتی براکەی کاک مستەفا و کافیە سلێمانی خوشکی، کە بەشداری تەواویان کردین. مستەفا سڵێمان لە ساڵی ١٩٥٥ەوە، جگە لەوەی لە سەرەتای چوونە ناو خەباتەوە، وەک گەنجێکی بزێو، کە زۆر بواردا چالاکی نواندووە، سەرەتا وەک شاعیر و نوسەرێکی ئەو سەردەمە دەرکەوتووە، لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کاتەدا، وەک ڕۆژنامەی ژین، گۆڤاری هەتاو و هیوا نووسین و بەرهەمی شیعری خۆی تێدا بڵاوکردۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستە، مانگی نیسانی ساڵی 2015 بە هەموو بەرگەکانی گۆڤاری (هیوا)ەوە چوینە خزمەت بەڕێزیان و لە نزیکەوە بۆ ئەم مەبەستە گفتوگۆیەکی خۆییانەمان لەگەڵ کرد و بۆ بیرخستەوەی ئەو یادگاریانە و هەندێ لە بیروەرییە شیرینەکانی خۆی بۆمان دوا، سەبارەت بە چیرۆکی دوو پارچە شیعر، کە لە ڕۆژنامەی ژین و گۆڤاری هیوا و هەتاو دا بە چەند ناوێکی خوازراو وەکو (کرمانج و ئاسۆ و چەندین ناوی دیکە)، بڵاوی کردونەتەوە، لێرەدا ئەم دوو شیعرەی گۆڤاری هیوا ئەخەینە ڕوو:

شیعری یەکەمیان کە شیعرێکی سۆزداریە وبە ناونیشانی (نامەیەک)، کە بە ناوی خوازراوی (ئاسۆ)ەوە لە ژمارە 4 ساڵی 3 ئازاری 1960 ڕەشەمەی 2571 کوردی بڵاوکراوەتەوە،

ئەو نامەیەی دڕاندت

سۆزی دڵ بوو

زۆر بە کوڵ بوو

هەستی دەروونی پڕ جۆشم

منالێ بوو

جگەر گۆشم

بۆ تاساندت

******

نامەیە بوو ملوانکەیە

بە وشەی کوردی هۆنراوە

لە هەر باخێ گوڵێکی جوان

کردمە چەپکێکی ڕازاوە

بۆ یاقوتی ملوانکەیە

بۆ ئەو سنگە نەرم و خاوە

******

دەنکی موورووی درەوشەدار

لە فرمێسکی ئەستێرەکان..

سەر چیمەنی بەرخۆرەتاو

بۆ ماچێکی گەردنی جوان

تامەزرۆیە پڕ تاسە و تاو



قادر میرزا کەریم

شیعری دووەمیان بە ناونیسانی (یاد و پەیمان)، لە ژمارە 8 ساڵ 1 ڕەشەمێ شوباتی 1958 ەوەیە:

لێرەدا نێژرای باوکی نازدارم
بەبەرگی خوێنین سەربڵند و بەرز
بۆچی نابیسم پەرچی پرسیارم...؟
چونکە تۆ نوستوی لە ناو توێی ئەزر

منیش بەجێمام بە بێ پشتیوان
بابە گیان کوانێ نازی جارانت
لە خۆشەویستیت بۆچی بێبەش بووم
کوا تاسەی بە کوڵ، یا دیاری جوانت
وەرام بۆ هۆشی شێواو و تێکچووم
تاکۆ بۆت بڵێم بەستەی نیشمان
تۆ لە ژێر خاکای..؟ چۆن باوەڕ بکەم
کەواتە باوەک بارانی بەهار
فرمێسک بڕێژم، گۆڕەکەت تەڕکەم
چونکە کوڵی دڵ گەرمە و بە ئازار
بۆ کۆچی ناکات، هی تۆی نەوجوان
ئامانجم بەرزە، بابە بزانە
ئەو ڕێیەی گرتت، منیش ئەیگرم
بۆ ئەم وڵاتە، ئەم کوردستانە
قورگی دوژمنی، خوێنە خۆی ئەدڕم
ئیتر تۆ بنوو، منیش بۆ کاروان

سەرچاوەکان:

1- دکتۆر جەمال نەبەز- چاپی یەکەمی کتێبی ڕۆژانی ئاوارەییم لە سویسرە، لاپەڕە 8 لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبیی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ ساڵی 1999.

هەروەها بڕوانە ل 107 ، 108 و 108 ی هەمان سەرچاوە، نامەی هاوبیرێکی نەگۆڕ.

2- مەحمود مەلا عیزەت کاروانی بێ کۆتایی - گۆشەیەک لە یاداشت و بیرەوەریەکان چاپی سێهەم ساڵی 2008 لاپەڕە 165.

3- قادر میرزا کەریم - بیرەوەری ، مێژوویەکی پڕ لە شانازی، بەرگی دووەم ساڵی 2009. لاپەڕە 96-97.

# مــــــستەفا ســـــلێمان تەنها بە زمانی کوردیی نوسینەکانی بڵاونەکردۆتەوە بەڵکو نوسینی زانستی لە زمانی ئینگلیزییەوە کردووە بە زمانی عەرەبی و لە گۆڤارەکانی بەغداد دا بڵاویکردونەتەوە..




مــــستەفا ســــلێمان تەنها بە زمانی کوردیی نوسینەکانی بڵاونەکردۆتەوە، بەڵکو نوسینی زانستی لە زمانی ئینگلیزییەوە کردووە، بە زمانی عەرەبی و لە گۆڤارەکانی بەغداد دا بڵاویکردونەتەوە..



یەکێک لە نوسینە زانستییەکانی کە بەدەستکارییەوە، لە زمانی ئینگلیزیەوە بۆ زمانی عەرەبی ئامادەی کردووە و لە ژمارە 13 ساڵی 7 ی تەموزی ساڵی 1966ی لە گۆڤارێکی سەربازی، کە ناوی ( الهندسة الالية الكهربائية) بوو، بە ناوی الملازم الاول المهندس مصطفى فقى سليمان بڵاویکردۆتەوە، نوسینەکەش بە ناونیشانی (بدلة القوة للرجال)ەوەیە.






بەرگی ئەو گۆڤارەی نوسینەکە کۆچکردوو (کاک مستەفا سلێمان) ی تێدا بڵاوکراوەتەوە








# مستەفا سلێمان: ساڵی ١٩٦٨ داوامليکرا

# ئەرکی دروستکردنی کارگەی شەکری سلێمانی بگرمە ئەستۆ..!



مستەفا سلێمان

خوالێخۆشبوو مستەفا سلێمان لە نوسینێکیدا لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە ٢٠ ی مارتی ساڵی ٢٠٠٢ بە ناونیشانی (ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی کارگەی شەکری سلێمانی) دا دەڵێ: مستەفا ساڵی ١٩٦٨ داوامليکرا ئەرکی دروستکردنی کارگەی شەکری سلێمانی بگرمە ئەستۆ..! هەروەها ئاماژەی بەوەداوە، بیرۆکەی چاندنی چەوەندەری شەکر و دامەزراندنی کارگەی شەکری سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵەکانی سی و لە ساڵانی ١٩٣٦، ١٩٣٧، ١٩٣٨ و ١٩٣٩ لە بەکرەجۆ و هەڵەبجە و خورماڵ و ڕانییە، چاندنی چەوەندەر تاقیکراوەتەوە و ئەنجامەکانی هاندەربووە.















# م.جەمال.نەبەز:مستەفا سلێمان، لەگەڵ هێندێك لە ئەفسەرەكانی بەغدا دان وستاندنی دۆستانەی هەبوو،

# شتی وای دەزانی، كە كەم كەس ئاگایان لێی بووئەم دەنگوباسانەش بە هیچ كەسێكی تر نەدەگەیش

## چەند بەڵگەیەكی دیكەی كارگەی شەكر





SILEMANI

Silemani(No.21) April.2002

ژمارە ٢١ ی گۆڤاری سلێمانی نیسانی ٢٠٠٢





ئاوڕدانەوەیەك لەمێژووی دروستبوونی پرۆژەی كارگەی شەكر لەسلێمانی

بەشەكانی كارگەی شەكری سلێمانی





## یادەوەری کاکە سیڤەر بۆ باوکی ڕەوانشادی مستەفا سلێمان

دوێنێ دڵە گەورە بەهێزەکەی باوکی خۆشەویستم، کاک مستەفا سلێمان عەبدوڵلا، نەیتوانی چیتر بەردەوام بێت لە لێدان. لەگەڵ وەستانی دڵە پڕ لە خۆشەویستییەکەی، ڕۆحی شادی بەرەو دنیایەکی دی سەفەری ماڵئاوایی لێکردم. ئەمڕۆ من ناگریم. بەڵکو یادی ژیانی باوکم یەکەمەوە کە چۆن کاریگەرییەکی بەهێز و جوانی هەبووە لەسەر ژیانی هەموو ئەوانەی ڕۆژێک بە زەردەخەنەکی شاد بوون، بە تایبەتی مناڵەکانی خۆی کە ئەم ژیانە ئەوەندەی خۆش وویستووین کە کاک مستەفا سلێمان باوکمان بێت. لەبیرمە ڕۆژێک لە جادەی قەنات لە سلێمانی هەموومان لەگەڵ باوکم و دایکم بووین. باوکم سەیارە توێتا تایبەتەکەی خۆی لێئەخووڕی، کە بەدەست ئیشی ئەکرد، و دایکی شیرینیشم لە پێشەوە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو. سەیارەیەکی تاکسی لە بەردەممانا وەستاو ڕێی پێگرتین. سایەقەکە بەپەلە و بە پەرۆشەوە دابەزی هات بەرەو لای باوکم، باوکم پەنجەرەکەی بۆ دایایەوە، نەشی ئەناسی. پیاوەکە پێنج شەش جار بە گەرمی دەستی باوکمی ماچ کرد، باوکیشم بەزەردەخەنەکەی و تەوازوعە هەمیشەییەکەی خۆی هەر ئەیووت عەفوو. پیاوەکە بە باوکمی ووت: کاک مستەفا تۆ من ناناسیتەوە بەڵام لە کاتێک دا هەموو دەرگاکانم لێداخرابوو لەم ژیانەیا، تۆ یارمەتیەکی گەورەی منت دا کە ئاوا ئێستا ئەبینیت خۆم گرتووەو ژیان و دەرامەتم بۆ خۆم و منالأنم دابین کردووە بە سایەی تۆوە، قەت لەچاکەت دەرناچم. باوکم پیاوەکەی نەناسی و نەشی ناسییەوە، بەڵام زۆر سوپاسی لوتفی کرد.

ئەو ڕۆژە زۆر کاریگەر بوو بۆ من، کە ئەو کاتە تەمەنم ١١ یان ١٢ ساڵ بوو. تێگەیشتم کە لە دنیادا باوکم هەر بۆ خۆی نەئەژیا. زۆرم بیستبوو کە باوکم زۆر باش بووە لەگەڵ خەڵک و زۆر خۆشەویستە، بەڵام کە بینیم کاریگەرەکەی ئەوەندەیە، ئەوەندەی کە شاناز بووم بەوەی کە ناوی من مستەفا سلێمانی پێوەیە. کە ئەچوومە شوێنان، هەتا ئێستاش، زۆرم پێخۆشە لێم بپرسن کوڕی کێیت. ئەو ڕێزو خۆشەویستیەی کەس و کار و هاوڕێیان و هەموو خەڵک هەی بوو و هەیەتی بۆ باوکم، لە چاوەکانیانا دەرئەکەوت کە چاوە گەشەکانی باوکمیان ئەبینی یان دوو قسەیان لەگەڵ ئەکرد. تەنانەت کە ناوی باوکمیان ئەبیست، ئەگەشانەوە. گەورەترین دیاری باوکم بۆ من لە ژیانا ئەوەیە کە بەهۆی ئەوەوە ژیانێکی پڕ خۆشی و سەربەرزی و شانازی ژیاووم. هەموو کات هەستم کردووە کە باوکم پاشایەکەو من و کاکە سۆرانی برا گەورەم شازادەو وەلی عەهدین. بەراستی کە گەنج بەو جۆرە گەورە ئەبێت، ژیان زۆر زۆر خۆش ئەبێت. سەرەڕای ئەوەی کە باوکم تووشی ئەو حادسە ناخۆشە بوو لە ساڵی ١٩٨٠، کە لەبەر دڵسۆزی خۆی بۆ کارەکەی و بۆ ئەوکەسانەی کە لەگەڵی ئیشیان ئەکرد، هەر بە پێوە ڕاوەستا بوو تاکو هەموو کەس بچنە خەندەقەکانەوە و ترسی نەبوو کە وا تەیارەی دووژمن بە ئاسمانەوە هەرەشە ئەکات. بەداخەوە کە تۆپەکە دای بە عەرزا باوکمی خست بە شتا و بریندار بوو. سەرەرای ئەو کارەساتە باوکم هەر پڕ خەندەو گەشبین و بەهێز بوو، ژیانێکی خۆش و بەختەوەریان دابین کرد لەگەڵ دایکما بۆ هەر پێنج مناڵەکەیان. زۆر جار بیرم کردۆتەوە لەورۆژەی کە لە جادەی قەنات ئەو پیاوە باشەی تاکسیەکە ئێمەی ڕاوەستان. کە ووردە ووردە فامم کردۆتەوە لەژیان، بۆم ڕوون بۆوە کە باوکم کە کاتێک بە ڕێیا ڕۆیشتووە، لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا شەپۆلی خۆشەویستی و باشی و زەردەخەنەی بەخشیوە بە دەوورو بەرەکەی. کە لەرۆیشتنیش کەوتووە، قسەکانی، زەردەخەنەکی، تەنانەت ڕەخنەکانی، کە هەمووی لەجێی خۆیا بووە، شەپۆلی جوانی و گەشبینی لێ بۆتەوە. وەک چۆن کەدڵۆپێکی گەورەی ئاو بەردەیتەوە بەسەر بەحرێکدا،

## ڕەوانشاد مستەفا سلێمان لە تافی لاویدا



شەپۆلێکی جیۆمیتری و ناسک زۆر جار بیرم کردۆتەوە لەورۆژەی کە لە جادەی قەنات ئەو پیاوە باشەی تاکسیەکە ئێمەی ڕاوەستان. کە ووردە ووردە فامم کردۆتەوە لەژیان، بۆم ڕوون بۆوە کە باوکم کە کاتێک بە ڕێیا ڕۆیشتووە، لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا شەپۆلی خۆشەویستی و باشی و زەردەخەنەی بەخشیوە بە دەوورو بەرەکەی. کە لەرۆیشتنیش کەوتووە، قسەکانی، زەردەخەنەکی، تەنانەت ڕەخنەکانی، کە هەمووی لەجێی خۆیا بووە، شەپۆلی جوانی و گەشبینی لێ بۆتەوە. وەک چۆن کەدڵۆپێکی گەورەی ئاو بەردەیتەوە بەسەر بەحرێکدا، شەپۆلێکی جیۆمیتری و ناسک دروست دەکات. کە ئەزرەنگێتەوە بۆ ماویەکەی دوور هەستی ئەگاتە هەموو ئەوانەی دەوری. یان کە خۆرەتاو تیشک ئەنێتە سەرخاڵیک، هەموو دەوروو پشتەکەی ڕووناک ئەکاتەوە. فێر بووم لە باوکی ئازیزمەوە کە ژیان بەس بۆ خۆ نیە. بەڵکو چاکە کردن و ڕێز لێنان و تێگەیشتنی دەورووبەرەکەت، بە باش و بە خراپ، بەشێکە لە ژیان و خۆشی ژیان. باوکە گیان، خۆشەویستی ماڵ و مناڵ و کەس و کار و هاوڕێیانت، تۆ پاشا بوویت و منیش بە هەستی شازادە گەورە بووم بە هۆی ناوی پیرۆزی تۆوە. ڕۆحت شاد ئەی خۆشەویستی کوڕی بچووکی خۆت. زۆر سەختە بڵێم ماڵئاوا. وا بەڕێوەم بێمەوە حزورت تاکو بەدەستی خۆم بەخاکت بسپێرم و لە پرسەکەتا بەخێرهاتنی خۆشەویستەکانت بکەم. بابە گیان، لە ماڵئاواییا پێت ئەڵێم زۆر سوپاس بۆ ئەوەی کە کردت بۆ من، کە وات کرد هەمیشە نەخشەی ڕێی ژیانم ڕوون بێت، وە بە هەموو جۆرێک، بە کردارت، بە هەستت وە بە ناوە پیرۆزەکەت ، ئەم خۆشبەخشی و سەربەرزییەی ژیانت بۆ من درووست کرد. منیش وەکو پیاوە نەناسراوەکەی جادەی قەنات، قەت لەچاکەت و ڕێگەکەت لانادەم بابە گیان.

کوڕی بچووکت، وەلی عەهدت سیڤەر


تـــاراوکـــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807